https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.2

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکان لە زمانی کوردیدا
# (لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان)

پ. ی. د. دلێر سادق کانەبی        فاروق عزیز خالد

زانکۆی سۆران-فاکەڵتیی ئاداب- بەشی زمانی کوردی

Diler.kaneby@soran.edu.iq        faroq.khalid@soran.edu.iq

**پوخته**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو پێکهاتە یەکهەنگاوییانەی زمانی کوردی کە تیایدا یەکێک لە پێکهاتەکانی کاتیگۆریی ژمارەیە. لە لێکۆڵینەوەکەدا لە ڕێی نەخشاکانەوە توانراوە پێکهاتە واتایی و فۆڕمییەکانی پێکهاتە ژمارەدارەکان لە چوارچێوەی مۆڕفۆلۆجیی پێکهێنان دەستنیشانبکرێت. مەبەست لە پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکان ئەو پێکهاتانەن کە زیاتر لە دوو کەرەستە لە پێکهاتەکانیاندا بەشدارن، کە ژمارە یەکێکە لەو کەرەستانە.

ئەم بۆچوونە پشت بە مۆدێلی مۆڕفۆلۆجیی وشە_بناغە دەبەستێت، کە تیایدا وشە بچووکترین کەرەستەی لێکۆڵینەوەیە، وشە ناسادەکانیش بریتین لە پێکهاتەیەک کە هەردوو ڕووی فۆڕم و واتا لە ڕێی نەخشە و بەشەنەخشەکانەوە شیدەکرێنەوە.

پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکان ڕۆڵی گرنگیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان هەیە و لە زمانی کوردیشدا بایەخی ئەو پێکهاتانە لە دەوڵەمەندکردن و دروستکردنی وشەی نوێدا دەردەکەوێت.

توێژینەوەکە توانیویەتی بگات بە نەخشەیەکی گشتی بۆ گشت پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکانی زمانی کوردی و لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا نەخشە جیاوازەکان لە چوارچێوەی یەک نەخشەدا کۆکراونەتەوە.

وشە کلیلییەکان: مۆڕفۆلۆجیی پێکهێنان، نەخشە، بەشەنەخشە، ژمارە، پێکهاتە یەکهەنگاوییەکان.

**پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکان لە زمانی کوردیدا**

**(لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان)**

**٠-پێشەکی**

مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان لقێکە لە (ڕێزمانی پێکهێنان) کە ئەو ڕێزمانە لە ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن ئەدێل ی. گۆڵدبێرگ Adel E. Goldberg بنەماکانی داڕێژران. تیۆری مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان یەکێکە لەو تیۆرە نوێیانەی بواری مۆرفۆلۆجی، کە لە ساڵی ٢٠١٠ لە لایەن زمانەوانی هۆڵەندی خیرت بوویی Geert Booij لە کتێبێکی خۆیدا بە هەمان ناونیشانی (مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان) هاتە ناو بوارەکانی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی.

مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان وشەکانی زمان وەکو پێکهاتە سەیردەکات و ئەم تیۆرە هەوڵدەدات هەردوو پێکهاتەی فۆڕمی و واتاییی وشەکان، لە چوارچێوەی نەخشەکانی پێکهێنان لێکبداتەوە، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت لە بواری فێرکردن و فێربوونی زمان، چونکە لە ڕێی ئەو نەخشانەوە فێرخوازی زمان دەتوانێت فێری واتا و فۆڕمی ئەو پێکهاتانە بێت، کە دەکەونە چوارچێوەی یەک نەخشەوە. ئەم تیۆرە لە کارەکانیدا پشت بە بۆچوونی مۆرفۆلۆجیی وشە_بناغە دەبەستێت و لە شیکردنەوەی پێکهاتەکاندا پشت بە نەخشە مۆرفۆلۆجییەکان دەبەستێت. ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە مۆرفۆلۆجییەدا هەوڵدەدات پێکهاتە یەکهەنگاوییەکانی زمانی کوردی شیبکاتەوە کە ژمارە لە پێکهاتەکانیاندا هەیە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تا ئەو شوێنەی زانیاریمان هەبێت لە زمانی کوردیدا هیچ توێژینەوەیەک لەبارەی

پێکهاتە یەکهەنگاوییەکان ئەنجامنەدراوە و تەنانەت هیچ لێکۆڵینەوەیەکیشمان لە بارەی تیۆرەکە بەرچاونەکەوتووە، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە، تیۆری مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان ڕوانگەیەکی گونجاوە بە بەراورد بە هەندێک تیۆری تر، کە بەهۆیەوە توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەی پێکهاتە یەکهەنگاوییەکانی هەبێت.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە کە توێژینەوەکە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی وشە_بناغەوە و بەپێی تیۆرێکی نوێی بواری مۆرفۆلۆجی جۆرێک لە پێکهاتە وشەڕۆنانییەکانی زمانی کوردی شیدەکاتەوە، کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە پێکهاتانە نەخراونەتە ناو قاڵبی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بەپێی تیۆرێک شینەکراونەتەوە.

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی بەکارهێنراوە، هەروەها لە چوارچێوەی تیۆریشدا پشت بە تیۆرێکی بواری مۆرفۆلۆجی بەستراوە. لە شێوازی کۆکردنەوەی داتاشدا جگەلەوەی پشت بە ڕێبازی کتێبخانەیی بۆ کۆکردنەوەی داتا بەستراوە، سەلیقەی زمانیی توێژەریش یەکێکی تر بووە لە ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لە پوختەی توێژینەوە و پێشەکی، لە پێداچوونەوەیەکی کورتدا سێ توێژینەوەی پێشتر ئەنجامدراو لە سێ زمانی جیاواز باسکراون. دواتر هەوڵدراوە هەندێک لایەنی تیۆری مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان بخرێتەبەرباس. لە پاشاندا هەوڵدراوە پێکهاتەی یەکهەنگاوی لە زمانی کوردیدا شیکردنەوەیان بۆ بکرێت و ئەو پێکهاتانە دەستنیشانبکرێن کە بەشەئاخاوتنی ژمارە ڕۆڵیان لە دارشتنیدا هەیە.

**١-پێشینەی کارەکە**

خیرت بوویی (٢٠١٠a) لە لاپەڕە (٤٧ – ٥٠) ئاماژە بە بەیەکەوەهاتنی زیاتر لە دوو کەرەستە دەکات لە زمانی هۆڵەندیدا. ئەو لە زمانی هۆڵەندیدا باس لە چوار پاشگر دەکات کە بریتین لە ( erij, ing, ster, er) کە پێیوایە ئەو پاشگرانە لە هەندێک باردا دەچنە سەر کەرەستەیەک کە پێکهاتەکەی NV بێت، بەڵام ئەم پێکهاتەیە NV بۆ دروستکردنی ناوێک بەتەنیا ئەم کارە ئەنجامنادات، بەڵکو پێکهاتەکە پێویستی بە کەرەستەی ترە وەکو پاشگر تا پێکهاتەیەکی تەواو لە زمانەکەدا دروستبکات. بەم شێوەیە:

$[[[N]\ [V]]\ er]_N$

$[[[N]\ [V]]\ ster]_N$

$[[[N]\ [V]]\ ing]_N$

$[[[N]\ [V]]\ erij]_N$

وەک دەردەکەوێت بوویی تەنیا ئاماژە بە چوار پاشگر دەکات لە زمانی هۆڵەندیدا کە لە یەک قاڵبی مۆڕفۆلۆجیدا پێکهاتەی یەکهەنگاوی دروستدەکەن و تەنیا ئاماژە بە پڕۆسەی لێکدراوی یەکهەنگاوی دەکات. کە پێیوایە ئەو فۆڕمە لە ئەنجامی بەیەکەوەبەستنەوەی دوو پڕۆسەی وشەڕۆنانی جیاواز دروستبوونە.

بامشادی و انصاريان، (١٣٩٤) لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر پێکهاتە یەکهەنگاوییەکانی زمانی فارسی ئەنجامیانداوە، تەنیا (١٠) دە قاڵبی یەکهەنگاوی لە زمانی فارسیدا دیاریدەکەن، ئەگەرچی پێیانوایە ئەو دە قاڵبە تەواوی قاڵبە یەکهەنگاوەکانی زمانەکە نین و ئەوەی ئاماژەیان

بۆیکردووە تەنیا چەند نموونەیەکن لە پێکهاتە یەکهەنگاویەکان (ناپایگانی)ی زمانی فارسی. توێژینەوەکە بەو مەبەستە ئەنجامدراوە کە چەند نموونەیەکی زمانی فارسی وەربگیرێت و لە چوارچێوەی فۆرفۆلۆجیی پێکهێنان شییانبکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش توانیویانە نەخشەیەکی گشتی بۆ نموونە وەرگیراوەکان بدۆزنەوە. نووسەران لە توێژینەوەکەیاندا بەو ئەنجامە گەیشتوون کە مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان ڕوانگەیەکی گونجاوە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو پێکهاتانەی زمان کە پێیاندەوترێت پێکهاتە یەکهەنگاوییەکان..


ماسینی و ئایکۆبینی[1]، (٢٠١٨) لە توێژینەوەیەکیاندا کە لەسەر زمانی ئیتاڵی ئەنجامیانداوە بابەت (case)ێکی توێژینەوەکەیان تایبەت کردووە بە کردارە یەکهەنگاویەکان (Parasynthetic)ی زمانی ئیتاڵی. ئەو دوو نووسەرە سەرەڕای دۆزینەوەی هەڕەمییەکی گشتی بۆ کردارە یەکهەنگاوییەکانی زمانی ئیتاڵی، لە توێژینەوەکەیاندا بەو ئەنجامەش گەیشتوون کە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەکانەوە ڕوانگەیەکی گونجاوە بۆ لێکدانەوەی ئەو جۆرە وشانە.

## ٢- پێکهێنان

جیاوازیی چەمکی پێکهێنان لەم ڕێزمانەدا لەگەڵ ڕێزمانی کۆن لەو ڕووەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕێزمانی پێکهاتە تەوەرەدا چەمکی پێکهێنان گەشەسەندوو و هەمەلایەنە کە توانیویەتی وێنەیەک/ نموونەیەکی یەکسان بۆ نیشاندانی تەواوی زانیاریی ڕێزمانیی گشتی لە ڕێزمان و وشەسازی و فەرهەنگدا فەراهەمبکات. (قادری و رفیعی، ١٣٩٦: ١٨٩) بەو واتایەی لەم تیۆرەدا پێکهێنان تەوەرەیەکی سەرەکییە لە شیکردنەوەکاندا. ڕێزمان وەکو پێکهاتە لەناو زماندا سەیردەکرێت و ئامانجی تیۆرەکەش شیکردنەوەی پێکهاتەکانی زمانە.

پێکهێنان بوو به یەکەی بنەڕەتی له شیکردنەوەی زمانەوانی، (Goldberg 1995: 4) به جۆرێک که پێکهێنان دوانەیەکی گونجاوه له فۆڕم و واتا که فۆڕم زانیاریی وشەسازی و ڕێزمان و دەنگی لەخۆدەگرێت و واتاش لەخۆگری زانیاریی واتایی و پڕاگماتیکی و گوتارییه. (قادری و رفیعی، ١٣٩٦: ١٨٩) بەمەش هەردوو لایەنی فۆڕم و واتا له پێکهێناندا کۆکرانەوه و ئەم دوو ڕووەی زمان به جۆرێک بەیەکداچوون که گۆڕان له یەکێکیاندا دەبێته هۆی گۆڕان لەوەی تر. بەمەش هەم قاڵبەکانی[٢] وشەسازی و هەم قاڵبەکانی ڕێزمان دەچنه ناو چوارچێوەی پێکهاتەوه، که تیایدا پێکهاته ئاماژەیه بۆ دوانەیی فۆڕم و واتا. ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەی سۆسێر[٣] بیردەخاتەوه لەبارەی نیشانەوە[٤]، بەو جیاوازییەی که سۆسێر نیشانه تەنیا بۆ وشه بەکاردەهێنێت، بەڵام بۆچوونی پێکهاته بناغە[٥] هەم وشەکانی زمان و هەمیش یاساکانی ڕێزمانی زمان به پێکهاته دادەنێت. (بامشادی و انصاریان، ١٣٩٩: ٣٠٦) به جۆرێک که گشت یەکەکانی زمان بریتین له پێکهاته و پێکهاتەش دوانەیەکه له فۆڕم و واتا. هەروەها لەو ڕێزمانەدا پێکهاته کەرەسته سادەکانی زمان لەخۆناگرێت، و مۆڕفۆلۆجیی پێکهاته تەوەره تیۆرێکه لەبارەی پێکهاتەی وشه ناسادەکان[٦] (رفیعی، ١٣٩١: ٢٨) بەو واتایەی تا کەرەستەیەک ببێته پێکهاته دەبێت ناساده بێت، بەڵام لای سۆسێر سادەیی و ناسادەییی وشه گرنگ نییه تا بەهۆیه وشه ببێته خاوەنی فۆڕم و واتا.

لەم هێلکارییەی خوارەوە پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتا دەخرێتەڕوو:




هێلکاریی ژمارە (١).

لە Booij: 2015 وەرگیراوە

چوارچێوە گەورەکە خودی پێکهاتەکەیە کە لەناو پێکهاتەکەدا هەردوو دوانەی فۆڕم و واتا هەن. زانیارییە فۆنۆلۆجییەکان PHON، زانیارییە ڕێزمانی کە هەردوو ئاستی وشەسازی MORPH و زانیارییە سینتاکسییەکان SYN دەگرێتەوە، لەگەڵ زانیارییە واتاییەکان بە هێڵێک بەیەکەوە بەستراونەتەوە. بوویی پێیوایە زانیارییە واتاییەکان تەنیا لایەنی سیمانتیکی SEM لەخۆناگرێت، بەڵکو جگە لە سیمانتیک هەردوو لایەنی پراگماتیک PRAG و گوتاریش DISC لەخۆدەگرێت، تایبەتمەندییە پراگماتیکییەکان وەکو دەربڕینی خۆشەویستی لە وشەکانی Pussy, Doggy. هەروەها تایبەتمەندیی گوتاری پەیوەندی بە دەق یان شێوازەوە[٧] هەیە. (Booij: 2015) بەم پێیەش بۆ گەیشتن بە واتا دەبێت پێکهاتەیەک هەبێت، کەرەستەش کاتێک دەبێتە پێکهاتە کە دابەشکردنێکی فۆڕمیی هەبێت. واتە فۆڕمە ئاڵۆزەکان خاوەنی پێکهاتەن و خودی پێکهاتەکەش بنەمای لێکدانەوەی فۆڕم و واتایە لە زماندا.

## ١-٢ مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان

مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان وەکو تیۆرێک لە بواری مۆرفۆلۆجیدا سەرەتاکەی بۆ کارەکانی خیرت بوویی[٨] دەگەڕێتەوە، کە کتێبەکەی بە هەمان ناونیشان (مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان)[٩] ناوناوە. بەڵام بوویی خۆی پێیوایە ئەم ناونانە داهێنانێکی نوێ نییە، بۆ نموونە بلۆمفیلد[١٠] لە ساڵی ١٩٣٥ ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە (Booij, 2010a: 16) لەگەڵ ئەوەشدا ناونانی مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان بۆ تیۆرەکە لای بوویی بە جۆرێکی تر پێناسە و شیکردنەوەی بۆ کرا، کە لە چوارچێوەی تیۆرێکی سەربەخۆدا بێت، بەمەش ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی بەکارهێنانێکی گشتی لە بواری مۆرفۆلۆجیدا گواسترایەوە بۆ تیۆرێکی مۆرفۆلۆجیی نوێ.

بە باوەڕی بوویی ئامانجی تیۆری مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان (CM) بریتییە لە تێگەیشتنێکی باشتر بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان سینتاکس، مۆرفۆلۆجی و لێکسیکۆن (فەرهەنگ) لەگەڵ  تایبەتمەندییە واتاییەکانی وشە ئاڵۆزەکان. (Booij, 2010b: 1) ئەم تێگەیشتنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم بۆچوونە پێیوایە لە یەک کاتدا دەتوانێت لێکدانەوەی فۆڕمی و لێکدانەوەی واتایی بۆ وشە ئاڵۆزەکانی زمان بکات.

بەر لە سەرهەڵدانی مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان لێکۆڵینەوەکان لە چوارچێوەی ڕێزمانی پێکهاتە بناغەدا زیاتر لە سنووری ڕێزماندا دەخولانەوە. ئەگەرچی بۆچوونی ڕێزمانی پێکهاتە بناغە باوەڕی بە جیاوازیی نێوان مۆرفیم و وشە لە لایەک، و گرێ و پاڕستەکانی لە لایەکی ترەوە نییە، و ئەمانە بە دوانەی فۆڕم – واتا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە ڕووی ئاڵۆزییەوە جیاوازن، دادەنێت، لێکۆڵینەوەکان زیاتر لە چوارچێوەی گرێ و پاڕستەکان دەخولانەوە و کەمتر پرژاونەتە سەر مۆرفیم و وشە، (بامشادی و قطره، ١٣٩٦: ٢٦٩) بەڵام مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان وای بۆدەچێت کە پێکهاتەی ناوەوەی وشەی ناسادە و پەیوەندیی

هاونشینیی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی هەر پێکهاتەیەکی زمانی، لەسەر بنەمای بەراوردکردنی پەیوەندییە سیستەماتیکییەکانی نێوان فۆڕم و واتا لە نێوان کۆمەڵە وشەیەکی زمانیدا درکی پێدەکرێ. (رفیعی و ترابی، ١٣٩٣، ٥١) بۆ نموونە ئەگەر قسەکەرێکی زمانی ئینگلیزی وشەکانی وەک baker و writer فێربووبێت ئەوکات قاڵبی وشەڕۆنانی[11] [v _er]N لە زمانەکەدا فێردەبێت، کە پێکهاتەکە دەربڕاوی واتای <<ئامرازی ئەنجامدانی V >> لەخۆدەگرێت، و تیایدا واتای ((_er)) تەنیا لە ڕێی ئەو پێکهاتە مۆڕفۆلۆجییەی کە ئەم گیرەکەی لەخۆگرتووە بەدەستدێت و ئاخێوەری زمانیش نەخشەیەکی[١٢] ئەبستراکت[١٣] بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ئەم کۆمەڵە وشەیە دروست دەکات:

$$<[[x]_{vi}\ _er]_{Nj} \leftrightarrow [agent\ of\ SEM_i]_j>$$

ئەم نەخشە ئەبستراکتەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئاخێوەری زمان کە پێویستی بە لەبەرکردنی گشت فەرهەنگی زمانەکە نەبێت و خۆڕسکانە فێری زمانەکە بێت، ئەمەش لەو ڕێگایەوەیە کە بۆ فێربوونی وشە ناسادەکانی زمان سوود لە نەخشەکان وەردەگرێت، کە زانیاریی واتایی و زانیاریی فۆڕمی لەخۆدەگرن. هەر بۆیەشە ئەم تیۆرە ڕوانگەیەکی گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت فێری زمانێکی تر بن و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوانەی هەوڵی فێربوونی زمانی دووەم دەدەن، چونکە بە فێربوونی نەخشەکان دەتوانێت هەموو ئەو وشانە فێربێت کە دەکەونە ناو یەک نەخشەوە (بڕوانە؛ بامشادی و انصاریان، ١٣٩٥). بەمەش تیۆری مۆڕفۆلۆجیی پێکهێنان سوود و بایەخێکی زۆری دەبێت بۆ بواری زمانەوانیی کارەکی و فێربوونی زمان، چونکە تیۆرەکە هەوڵدەدات لە ڕێی دەستنیشانکردنی نەخشەکان و دابەشکردنیانەوە هەم لایەنی فۆڕمی و هەم لایەنی واتایی پێکهاتەکان نیشانبدات، و وشەکانی زمان بە ئاسانی بەسەر نەخشەکانیان دابەشبکات. بەمەش بە فێربوونی نەخشەیەک

کەسەکە شارەزای هەموو ئەو وشانە دەبێت کە هاوپێکهاتەن. نەک هەر ئەوە بەڵکو فێربوونی پرۆسەکان یارمەتیدەرە تا بەهۆیەوە کاتێک ڕووبەڕووی وشەی نوێ دەبێتەوە بە ئاسانی لێیان تێبگات و تەنانەت لە توانایدا هەبێت وشەی نوێش دروستبکات.

مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان وەکو یەکێک لە نوێترین تیۆرەکانی بواری مۆرفۆلۆجیی، هەوڵیداوە کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی نوێ بێنێتە ناو بوارەکانی شیکردنەوەوە، وەکو زنجیرەی پلەداری[١٤]، نەخشەی پێکهێنان[١٥]، پێشگرمانەی بۆماوەیی[١٦]. ئامانجی ئەم تیۆرەش لەو کارەدا ئەوەبووە کە بتوانێت بە کەرەستە و بیرێکی نوێوە هەندێ کێشە و کۆسپی بەردەم پرۆسەکانی وشەڕۆنان چارەبکات و پەردە لەسەر هەندێ لایەنی شاراوەی ئەم پرۆسانە لابدات کە تیۆرەکانی پێشتر (بە تایبەت ئەو تیۆرانەی پشت بە مۆرفیم دەبەستن، بە واتایەکی تر مۆرفیم_بناغەن) نەیانتوانیوە شیکارییەکی گونجاو بۆ ئەو پرۆسانە بکەن. بۆ ئەم مەبەستە بوویی سێ تایبەتمەندیی کلیلی بۆ تیۆری مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان دادەڕێژێت:

یەکەم: لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجی دەبێت لە چوارچێوەی وشەسازیی وشە_بناغە بێت نەک مۆرفیم_بناغە.

دووەم: قاڵبە وشەسازییەکان دەبێت وەکو پێکهاتە (دوانەی فۆرم و واتا) لەبەرچاوبگیرێن.

سێیەمیش: لە نێوان فەرهەنگ (لێکسیم) و ڕێزماندا سنوورێکی دابڕ نییە. (Booij, 2018: 3) واتە ئەو یاسا و پێڕەوانەی بۆ ڕێزمانی زمان دادەڕێژرێن هەمان ئەو یاسا و پێڕەوانەش بۆ فەرهەنگی زمان لەبار دەبن.

یەکێکی تر لەو بابەتانەی مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان گرنگی و بایەخی پێدەدات، واتا و شیکردنەوەی یەکەی زمانییە. شوێنی واتا و یەکەی شیکردنەوە لە مۆرفۆلۆجیدا هەروەها دەستنیشانکردنی کەرەستەی بنەڕەتی و بونیاد لە زۆربەی تیۆرەکانی بواری مۆرفۆلۆجی جێی بایەخ و مشتومڕە. بەڵام مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان، پێکهاتە دەکاتە بنەما و بونیادی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجی و خۆی وەکو تیۆرێکی پێکهاتە_بناغە لە بواری مۆرفۆلۆجیدا[١٧] دەناسێنێت. (عباسی، ١٣٩٦: ٧٢) وشە بە بچووکترین یەکەی شیکردنەوە و بچووکترین نیشانەی زمانی هەژماردەکات. گیرەکەکان (مۆرفیمە بەندەکان) تەنیا بەشێکی پێکهاتەی ناوەوەی نەخشەکان پێکدەهێنن و ئاراستەی واتاییان تەنیا لە ڕێی ئەو نەخشانەوە وەدەستدێت کە لە پێکهاتەکەدا دروستبوون، و گیرەکەکە بەشێکە لەو پێکهاتەیە. (رفیعی و رضایی، ١٣٩٨: ٧٥) چونکە لەو ڕێزمانەدا گیرەکەکان ناوەڕۆکێکی واتاییان نییە و زانیارییەکانیان بەهۆی پێکهاتەکانیانەوە کە تیایاندا ئامادەییان هەیە دەتوانین پێیان بگەین. (قادری و رفیعی، ١٣٩٦: ١٩١) هەروەها لەپاڵ واتای نەخشەکە واتای وشەی بنکە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە واتای وشە پەیوەستە بە واتای ئەم دووانەوە. (بامشادی و قطرە، ١٣٩٦: ٢٧١) بەمەش بە وەرگرتنی واتای پێکهاتە و واتای وشەی بنکە دەگەین بە زانیارییە واتاییەکان بۆ تەواوی پێکهاتەکە.

**٢-٢ هەرەمیبوونی فەرهەنگ لە تۆڕی پەیوەندیدا**


لە بەشێکی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانەی مۆدێلەکانی ڕێزمان، فەرهەنگ بە شێوەی هەرەمێک[١٨] لە جۆرە جیاوازەکانی کاتیگۆری دەنوێنرێ (فلیکینگەر[١٩] ١٩٨٧؛ کریگەر و نێربۆن[٢٠] ١٩٩٣؛ کیلبەری[٢١] و ئەونی تر ٢٠٠٦؛ ساگ[٢٢] و ئەوانی تر ٢٠٠٣؛ ساگ ٢٠٠٧، لە Booij, 2010a: 25 وەرگیراوە). بوورییش بە سوودوەرگرتن لەم کارانە توانی پێرەوێکی نوێ بۆ تیۆرەکەی دابڕێژێت و بنەمای هەرەمیی زانیارییەکان،

هەنگاو بە هەنگاو و بەشێوەی زنجیرەیەکی بەیەکەوەبەستراو گرێدراون و زانیارییەکان لە شێوەی فۆڕمێکی ئەبستراکتەوە دەگوازرێنەوە بۆ فۆڕمێکی بەرهەست لە زماندا.

هەر تیۆرێکی مۆڕفۆلۆجی، کە فەرهەنگ بە تۆڕێکی هەڕەمی لە پەیوەندییەکان دابنێت، ئەوا ناچار دەبێت بایەخ بە سێ بابەتی سەرەکی بدات، ئەوانیش؛ چیەتی ئەو قاڵبانەی کە پێکهاتەی وشە ئاڵۆزەکان لەخۆدەگرن/ پەیوەستن بە پێکهاتەی وشەی ئاڵۆز، ڕێژەی زانیاریی تۆمارکراو بۆ هەر وشەیەک و لە کۆتاییدا چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان قاڵبەکان و وشەکانی ژێر دەسەڵاتیان. (رفیعی و ترابی، ١٣٩٣: ٥٠)

یەکێک لەو بابەتانەی مۆڕفۆلۆجیی پێکهێنان بایەخی پێدەدات فەرهەنگ (لێکسیکۆن)ە. فەرهەنگ لەم بۆچوونەدا ڕۆنانێکی سیستەماتیکی (پێرەوبەندانە) و هەڕەمیی هەیە، ئەم ڕۆنانبەندییەش لە نەخشەکان و بەشەنەخشەکانەوە سەرچاوەدەگرێت. (عظیم‌دخت و رفیعی، ١٣٩٨: ٢٣) ئەم ڕۆنانبەندییەش بریتییە لە تۆڕێکی زانیاری لەبارەی وشەکانەوە. هەر بۆیەشە وا نیشاندەدرێ کە لە بۆچوونی پێکهاتە-بناغەدا لەبری زاراوەی فەرهەنگ سوود لە زاراوەی پێکهێنان وەردەگیرێت، ئەمەش بەو هۆیەوەیە کە گشت پێکهاتە وشەیی و ڕێزمانییەکان بە پێکهێنان دادەنرێن. (بامشادی و همکاران (١٣٩٧: ٢٨)

بۆ نیشاندانی پەیوەندیی هەڕەمی لە وشەکانی زمانی ئینگلیزی بوویی گریمانەی هێلکارییەکی لەم شێوەیەی خوارەوە دەکات:




هێڵکاریی ژمارە (٢) هەرەمی وشەکانی زمانی ئینگلیزی لە بوویی ٢٠١٠a: ٢٥ وەرگیراوە

بوویی لە هێڵکارییەکەدا پەیوەندیی هەرەمی بۆ پۆلێنکردنی وشەکانی زمانی ئینگلیزی داناوە. لە هێڵکارییەکەدا پەیوەندیی پلەداری وشەکان دابەشی سەر چوار ئاست دەکات؛ ئاستی یەکەم لەسەر بنەمای فەرهەنگیبوون و وشەی ڕێزمانی (ئەرکی)بوون بۆ دوو جۆر دابەشدەکات. لە ئاستی دووەمدا، وشەکان لەسەر بنەمای کاتیگۆریی سینتاکسی وشەکان دابەشدەکات. لە ئاستی سێیەمدا تایبەتمەندییەکانی بەشەکانی ئاخاوتن (ناسراوی، نەناسراوی، ڕابردوو، ڕانەبردوو ...) دەخاتەڕوو. کۆتا ئاست وشە بەرهەستەکانی زمان دەگرێتەخۆ. بۆ نموونە، وشەیەکی هاوشێوەی eat لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەم شێوەیەیە: لە جۆری وشەکاندا وشەیەکی فەرهەنگییە، هەروەها خاوەنی کاتیگۆریی کردارە، و لە کرداردا لە جۆری کارە تێپەڕەکانە، ئینجا فۆرمێکی بەرجەستە (بەرهەست)ی لە شێوەی eat هەیە لە زمانەکەدا.

بەمەش هەموو وشەکانی زمانەکە خاوەنی هەرەمێکی ڕێکخراون و لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێی سیستەمێکەوە بەیەکەوە بەستراون، لە سیستەمەکەدا کەرەستەکان وەکو تۆڕێک بەیەکەوە بەستراون. واتە کەرەستەی خوارەوە بە پێکهاتەی سەرەوەی خۆی گرێدراوە زانیارییەکان لە سەرەوەی خۆی وەردەگرێت.

٢-٣ بۆماوەییبوونی پێشگریمانە

وەک لە سەرەوە باسکرا، لە هێڵکاریی هەرەمیدا زانیارییەکان بە شێوەی تۆڕێک بەیەکەوە گرێدراون و ئەم بەستنەوەیەش بە هەردوو ئاراستەی ئاسۆیی و ستوونی دەبێت، واتە لەلایەک کەرەستەکان لە ئاستی ستوونیدا لە پەیوەندییەکی جێنشینیدان، لە هەمان کاتدا لەسەر هێڵی ئاسۆییدا لە پەیوەندییەکی تەکنشینیدا دەبن. لە هەر پێشگریمانەیەکی هەرەمی لە فەرهەنگدا هەمیشە چۆنیەتیی گەیشتن بە بۆماوەییی زانیارییەکانی گرێکانی سەرووەوە بە گرێکانی خوارەوە جێگای باس و تێڕامانە. (رفیعی و ترابی، ١٣٩٣: ٥٢) بۆچوونی مۆرفۆلۆجیی پێکهێنانیش بەهۆی ئەوەی لە شیکردنەوەی قاڵبەکانی مۆرفۆلۆجیدا پشت بە نەخشەکان دەبەستێت، بۆیە بابەتی بۆماوەییبوونی پێشگریمانە لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیانەدا بایەخدارە و گرنگیی خۆی هەیە.

یەکێک لەو بابەتانەی لە بۆماوەییبوونی پێشگریمانەدا جێگای بایەخە، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی چۆنیەتیی گواستنەوەی زانیارییەکانە لە گرێ باڵاکان بۆ گرێ نزمەکان. واتە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن زانیارییەکان لە فۆرمێکی ئەبستراکتەوە دەگوازرێنەوە بۆ فۆرمێکی بەرهەست و چۆنیەتیی دۆزینەوەی پەیوەندییەکان. لەو ڕووەوە بۆچوونی بۆماوەیی وای بۆدەچێت کە تایبەتمەندییەکانی گرێیەکی باڵا وەکو بۆماوەیی بۆ گرێ نزمەکان دەگوازرێتەوە، مەگەر ئەوەی کە گرێ نزمەکە خاسیەتی جیاوازتری لەگەڵ تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی ناو پەیوەندییەکە

هەبێت. (عباسی، ١٣٩٦: ٨٢ - ٨٣) بەو واتایەی، گرێیەکی باڵا زانیارییەکانی بە شێوەیەکی بۆماوەیی بۆ گرێکانی خوار خۆی دەگوازێتەوە و گرێ نزمەکەش زانیارییەکان لە گرێکەی سەرووی خۆی وەردەگرێت بە مەرجێک گرێ نزمەکە خۆی خاوەنی تایبەتمەندیی دژ بە لقەکانی سەرووی خۆی نەبێت.

ئەم زانیارییانەش بە شێوەیەکی بۆماوەیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و پلەبەندی دەگوازرێنەوە کە دەتوانرێت لە نەخشەیەکی هاوشێوەی ئەمەی خوارەوە نیشانبدرێت:

$[[a]_X\ [b]_V\ ]_z$

$[[a]_X\ [b]_V\ ]_N$

$[[a]_N\ [b]_v]_N$

[[a]$_N$ [فرۆش]$_v$ ]$_N$


[[میوە]$_N$ [فرۆش]$_V$]$_N$

نموونەکە لە بامشادی و انصاریان، ١٣٩٥: ١٠٠٧ وەرگیراوە

هەروەک لە نموونەکەدا دەردەکەوێت، زانیارییەکان تا باڵاتر بن گشتی تر و ئەبستراکتتر دەبن، بەو مانایەی کە دەتوانرێ یاسایەکی وەکو $[[a]_x\ [b]_y]_z$ بۆ گشت ئەو وشە لێکدراوانەی زمانی کوردی پێشنیازبکرێ کە لە دوو بەش پێکهاتوون، و دواتر و لە هەنگاوەکانی دواتردا نەخشەکە ورد دەبێتەوە و تایبەتمەندییەکانی وشەکە دەردەخات و زانیارییەکان بەرجەستەدەکات. مۆرفۆلۆجیی پێکهێنانیش بەهۆی ئەوەی وشە ناسادەکانی زمان وەکو نەخشە سەیردەکات، بۆیە لە هەر هێلکارییەکی هەرەمیبوونی فەرهەنگدا هەمیشە چۆنیەتیی گەیشتن بە بۆماوەیی[٢٣]

زانیارییەکانی گرێکانی سەروو بۆ گرێکانی خواروو جێی باسە. (رفیعی و ترابی، ١٣٩٣: ٥٢ – ٥٣) واتە بۆماوەییبوونی زانیارییەکان لە ئاستی باڵا بۆ ئاستی نزمتر لە ڕێی خستنەڕووی هەڕەمییەوە دەبێت، بە جۆرێک کە زانیارییەکان پلە بە پلە و قۆناغ لە دوای قۆناغ دێنە خوارەوە تا دەگەن بە نزمترین ئاست لە زانیارییەکان. ئەو سیستەمە ڕێکخراوەی نێوان بەرزترین ئاستی نواندن تا دەگاتە نزمترین ئاستی نواندن بە جۆرێک بەیەکەوە بەستراون، کە ناتوانرێ هیچ پچڕانێک لە نێوانیاندا هەبێت و نزمترین ئاست کە وشە بەرهەستەکانی زمانە زانیارییەکانی پلە بە پلە لە ئاستەکانی سەرووتر وەردەگرێت.

سەرچاوەیەکی تری زانیاری لەپاڵ نەخشەکان، بریتییە لە وشەبنکە(٢٤). بوویی پێیوایە زانیارییەکان لە وشەیەکی ناسادەدا هەردوو چینی نەخشە و وشەی بنکە دەگرێتەوە. بۆ نموونە وشەی skyper زانیارییەکانی لە نەخشەی $[v – er]_{Nj}$ و کرداری Skype کە بنکەی وشە ناسادەکەیە وەردەگرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:




هێلکاریی ژمارە (٣) زانیاریی بۆماوەیی وشەی Skyper

Booji, 2010a: 26

هەروەک لە هێلکارییەکەدا دیارە وشەی Skyper لە زمانی ئینگلیزیدا زانیارییەکانی لە هەردوو چینی نەخشە و وشەی بنکە وەرگرتووە، ئەم

دوو چینەش بە یەکەوە هەم زانیاریی فۆڕمی هەم زانیاریی واتایی بە پێکهاتە ناسادەکە دەبەخشن. بە لێکدانی زانیاریی فۆڕمی کە پێکهاتووە لە زانیارییە فۆڕمییەکانی پێکهاتە و زانیاریی واتایی کە واتای وشەی بنکە لەخۆدەگرێت (بەبێ زانیاریی واتایی گیرەکەکان)، دەگەین بە واتای گشت پێکهاتەکە. هەر بۆیەشە بۆچوونی پێکهێنان لایەنی واتایی لە پێکهاتەدا فەرامۆش ناکات، بەڵکو لەپاڵ پێکهاتە فۆڕمییەکە واتای کەرەستەی بنکەش بایەخی پێدراوە و بەشێکە لە واتای گشتیی پێکهاتەکە.

**٢-٤ نەخشە**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆڕفۆلۆجیی پێکهێنان دانانی نەخشە و بەشەنەخشەیە بۆ وشە ناسادەکانی زمان، ئەمەش بە جۆرێکە کە لەم تیۆرەدا نەخشە و بەشەنەخشەکان بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە ئاوەزی ئاخێوەری زمانەکەدا هەن و ئەم نەخشانە وەکو قاڵبێکی ئەبستراکت بە شێوەیەکی هاوبەش لەناو مێشکی قسەکەرانی زمانەکەدا چەسپاون، کەرەستەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ڕیزبەند دەخرێنە ناو ئەم نەخشانەوە. کاتێکیش ئاخێوەری زمان بیەوێت دەستەیەک لە یەکە زمانییەکان کە پەیوەندییەکی نزیکیان لە ڕووی فۆڕم یان واتاوە بەیەکەوە هەبێت، ئەوا نەخشەیەکی ئەبستراکت لە مێشکیدا دادەڕێژێت و ئەو یەکە زمانییانە لەژێر ئەو نەخشەیە دادەنێت. (عظیم دخت و رفیعی، ١٣٩٨: ٢٢) نەخشەکانیش سەرەڕای نیشاندانی لایەنی فۆڕمیی کەرەستەکان، هاوکات لایەنی واتاییش دەردەخەن. واتە لەڕێی نەخشەکانەوە دەگەین بە پێکهاتەی فۆرمی و پێکهاتەی واتایی کەرەستەکان.

لەم تیۆرەدا لە بری یاساکان قسە لەسەر نەخشە و قاڵبەکانە. (عباسی، ١٣٩٥: ٨٠) بە جۆرێک کە بۆ هەر پێکهاتەیەکی وشەسازی نەخشەیەک پێشنیاز دەکرێت و ئەم نەخشەیە وەکو قاڵبێکی گشتی بۆ ئەم پێکهاتە مۆڕفۆلۆجییە و بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە مێشکدا هەڵدەگیرێت.

له كاتێكدا كه یاساكان ڕووكارەكانی ناجێگیره، نەخشەكان توخمی لەیەكچوون[٢٥]، كه درز[٢٦]ی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن. لایەنگرانی یاسا-بناغه سنوورێكی پتەو له نێوان ڕێزمان و بەكارهێنانی زمان دادەنێن، هەرچی لایەنگرانی نەخشە-بناغەن سەروكاری باشیان لەگەڵ ئاڕاستەی بەكارهێنان-بناغه[٢٧] هەیە و وای دادەنێن كه زانیاریی زمانی له ئەزموونی ڕووداوە واقعی و بەكارهێنان لەناو كۆمەڵگەدا وەردەگیرێت. (بهرامی خورشید و نامداری، ١٣٩٨: ٤١) بەمەش زانیاریی بەكارهێنان كاریگەریی لەسەر زانیارییه زمانییەكان دەبێت و زمان له بەكارهێنان جیانابێتەوە.

(بوویی ٢٠١٥) دوو ئەرک بۆ نەخشەكانی زمان دیاریدەكات:

یەكەم: نەخشه شێوەی دروستبوون و پێكهاتنی وشەی نوێ له زماندا نیشاندەدات.

دووەم: نەخشەكان هۆكارن بۆ نیشاندانی لایەنی ڕوونیی وشەكانی زمان، ڕوونی به واتای كەمكردنەوەی ڕێژەی لێڵی دێت له وشەكاندا.

ئەم دوو ئەركه بۆ نەخشەكان هەردوو لایەنی دروستبوون (فۆڕم) و لایەنی ڕوونیی واتاییی وشه ناسادەكان له زمانێكی دیاریكراودا دەگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی پاشخانی نەخشەكان دەتوانین وشەی نوێ دروستبكەین، ئەم وشەیه دەبێته خاوەنی لێكدانەوەیەكی واتاییی ڕوون و بۆ تێگەیشتن ئاسان دەبێت.

ئەم بۆچوونه پێیوایه قاڵبەكانی وشەسازی نەخشەی ئەبستراكتن، كه وشەكانی زمان لەسەر بنەمای ئەمانەوە پێكدێن. بۆیه "قاڵبەكانی پێكهێنانی وشه دەكرێت وەكو نەخشەیەكی ئەبستراكت نیشانبدرێن، كه تیایدا دەتوانرێت گشتاندن بكرێت بەسەر كۆمەڵه وشه ئاڵۆزەكاندا لەگەڵ بوونی پەیوەندییەكی سیستەماتیكی له نێوان فۆڕم و واتادا، هەروەها ئەم

نەخشانە توانای ئەوەیان هەیە ئەوە ڕوونبکەنەوە کە چۆن وشەی نوێ لە زماندا بەرهەمدێت. (Booij, 2007: 34) مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیی جێنشینیی نێوان گرووپێکی وشەکانەوە باوەڕ بە بوونی ئەو نەخشە مۆرفۆلۆجییانە[٢٨] دەکات، کە بەرهەمهێنان و درککردنی وشەی نوێش لەسەر بنەمای ئەمانەوە دەبێت. (رفیعی و رضایی، ١٣٩٨: ٧٥) بۆیەش بۆ ئاخێوەری زمان کارێکی ئاسانە کە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری وشەی نوێ لە زمانەکەیدا دروستبکات و بیخاتە ناو فەرهەنگی زمانەکەیەوە. کاتێکیش بۆ یەکەمین جار ڕووبەڕووی وشەی نوێ دەبێتەوە، وشەی سادە بەهۆی ئەوەی وشەیەکی لێڵە ئاسان نییە لێی تێبگیت یاخود شیاوی هیچ لێکدانەوەیەک نییە، بەڵام ئەو وشانەی خاوەنی نەخشەیەکن لە مێشکدا ئەوا گوێگر لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم وشانە (بۆ یەکەمین جار) پەنا بۆ ئەو نەخشانە دەبات کە لە مێشکیدا چەسپاون و خاوەنی دوانەی فۆڕم و واتان، بۆیە بە ئاسانی دەتوانێت لە وشەکە تێبگات و تەنانەت توانای ئەوەی هەیە وشەی نوێش بەرهەمبهێنێت.

بەهۆی ئەوەی نەخشەکان کار لەگەڵ وشە ناسادەکانی زمان دەکەن و بە شێوەی ئەبستراکت لە ئاوەزی ئاخێوەری زمانەکەدا هەن، هەر بۆیە ئەم نەخشانە دوو ڕۆڵی گرنگ لە زماندا دەگێڕن: ((یەکەم، ئەوەیە کە ئەم نەخشانە تایبەتمەندییە پێشبینیکراوەکانی ئەو وشە لێکدراوانەی کە هەن نیشاندەدەن. دووەمیش، ئەوە دەردەخات کە چۆن دەتوانرێ وشەی نوێ لە زماندا بەرهەمبهێنرێ)). (عباسی، ١٣٩٦: ٧٦) مەبەست لە تایبەتمەندیی پێشبینیکراو دوانەی فۆڕم و واتای وشەکانە و هەرچی پەیوەندی بە لایەنی دروستبوونی وشەی نوێوە هەیە، ڕۆڵی نەخشەکانە لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا.

یەکێک لە نواندنەکانی نەخشەکان بەیەکەوە بەستنەوەی فۆڕم و واتایە. واتە نەخشە ئەبستراکتەکان سەرەڕای نیشاندانی لایەنی فۆڕمیی وشە ناسادەکان، دوای وەرگرتنی فۆڕمە نوێیەکە واتای وشە ناسادەکان دەخاتەڕوو. بۆ نموونە، سەیری ئەم نەخشەیە بکە لە زمانی ئینگلیزیدا: (Booij, 2015)

$$\langle [[x]_{Vi}\ er]_{Nj} \leftrightarrow [\text{Agent of } SEM_i]_j \rangle$$

یاخود ئەو نموونەیەی زمانی کوردی:

$$\langle [[x]_{N}\ gar]_{Nj} \leftrightarrow [\text{ناوی پیشە بۆ } SEM_i]_j \rangle$$

لەم نەخشەیەدا هەردوو لایەنی فۆڕم و واتا بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پەیوەندییەکی سیستەماتیک لە نێوان فۆڕم و واتادا دەخاتەڕوو. لەم نەخشەیەدا i نیشاندەری واتای وشەی بنکەیە. (SEM) بریتییە لە واتای وشەی بنکە پێش ئەوەی ببێت بە پێکهاتە. هەروەها j نیشاندەری واتای پێکهاتەکەیە، واتە دوای وەرگرتنی گیرەک یاخود دوای ئەنجامدانی پرۆسەکە. کەوانە شکاوەکان سنووری نەخشەی پێکهێنان[٢٩] دەخەنەڕوو. گۆڕاوی x لە نەخشەکەدا ئاماژەیە بۆ درزێک، کە لەم نەخشەیەدا دەتوانرێ بە کاتیگۆریی کردار پڕبکرێتەوە. نیشانەی ↔ نیشانەی بەیەکەوە بەستنەوەی دوانەی واتا و فۆڕمە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نەخشەکان دیاریکردنی کاتیگۆریی ڕێزمانیی وشەکانە. ئەم دیاریکردنەش پێش پرۆسەکە و دوای ئەنجامدانی پرۆسەکەش هەر دەمێنێتەوە. بۆ نموونە، لە نەخشەی سەرەوەدا x بە کاتیگۆری V ئاماژەی بۆکراوە، واتە تەنیا V دەتوانێت ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە و لەم شوێنەدا دەربکەوێت. هەروەها i بریتییە لە واتای V و واتای وشەی سەرە، کە لە لایەنی واتا بە $SEM_i$ نیشاندراوە. هەروەها

لەم ڕێزمانەدا کاتیگۆریی ڕێزمانیی وشەکان دوای ئەنجامدانی پرۆسەکەش هەر دەستنیشاندەکرێت جا کاتیگۆرییەکە بگۆڕێت یاخود نا، بۆ ئەمەش هێمای j بە بچووکی لە دوای کاتیگۆرییەکە (A, V, N...) دادەنرێ، کە کاتیگۆرییەکە نیشاندەری پێکهاتەی وشە بەرهەمهاتووەکە و j دەرخەری واتا بەرهەمهاتووەکەیە. لە لایەی واتاشەوە بە j ئاماژەی بۆ دەکرێت کە دەکەوێتە کۆتاییی نەخشەکە و ئاماژەیە بۆ واتای تەواوی پێکهاتەکە.

کاتێک x یێک (درزێک) بە کەرەستەیەک لە کاتیگۆری (N، V، A ...) پڕدەبێتەوە، ئەوا وشەیەکی نوێ بەدەستدێت و ئەم وشەیە دەبێتە نموونە هێنانەوە[٣٠] لە نەخشەکەدا و بە نموونە بەرهەستەکان دەوترێت پێکهاتە[٣١]. (ایمانی و همکاران، ١٣٩٦: ٢٩)

لایەنێکی تری نەخشەکە بریتییە لە لایەنی بە بەرهەمی. بەهۆی ئەوەی نەخشەکان دەسەڵاتی[٣٢] بەرهەمهێنانی ڕێزمانن، (Booij, 2013) ئەم دەسەڵاتەش ڕۆڵی بەرهەمهێنان و لەسکەدانی[٣٣] وشەکانی زمان دەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخشەکان لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە وەکو یەک نین، بە جۆرێک کە نەخشەکان لە وشەسازیدا خاوەنی پلەی جیاوازن لە ڕووی بە بەرهەمییەوە[٣٤]. (بامشادی و انصاریان، ١٣٩٧: ٣٠٧) بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆجیدا بارێکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە. بەڵکو ئەم بارەی مۆرفۆلۆجیی بەپێی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەرداد‌ێت، بەم شێوەیە:

بە بەرهەم ← نیمچە بەرهەمهێن[٣٥] ← نەزۆک[٣٦]

نەزۆک ← نیمچە بەرهەمهێن ← بە بەرهەم (کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٧)

**٢_٥ بەشەنەخشە**

هەروەک لە بابەتی نەخشەدا ئەوە ڕوونکرایەوە کە نەخشەکان بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت لەناو مێشکدا بوونیان هەیە. ئەم نەخشانە بە جۆرێک گشتین کە توانای کۆکردنەوە و لەخۆگرتنی ئەو پێکهاتانەیان هەیە کە لە ڕووی فۆڕم و واتاوە لە یەکتریەوە نزیکن. یاخود بە جۆرێکی تر بڵێین، لە ڕووی پێکهاتەوە سەر بە یەک قاڵبن. ئەم گشتیبوونەش لە نەخشەکاندا وای کردووە، کە هەندێ لە نەخشەکان چەند تایبەتمەندییەکی جیاواز لەخۆیان کۆبکەنەوە و ئەم تایبەتمەندییە جیاوازانەش پێیان دەوترێت بەشەنەخشە. کەواتە بەشەنەخشەکان نموونە جۆراوجۆرەکانی نەخشەکانن، کە واتاکانیان تایبەتمەندتر و وردترە لە نەخشەکان. (بامشادی و انصاریان، ١٣٩٥: ١٠٠٤) بۆ نموونە، پرۆسەی لێکدان کە یەکێکە لە پرۆسە بە بەرهەمەکانی وشەداڕشتن لە زمانی ئینگلیزیدا دەتوانرێ لە نەخشەیەکی هاوشێوەی ئەمەی خوارەوە نیشانبدرێ:

$$[[x]_i\ [y]_j]_k \leftrightarrow [\text{SEM}_j \text{ with relation R to SEM}_i]_k$$

لەم نواندنەیەدا y سەرەی پێکهاتەکەیە. لەم نەخشەیەدا بەپێی سیستەمی وشەسازیی زمانی ئینگلیزی، نەخشەکە توانای بەرهەمهێنانی چەند بەشەنەخشەی تری هەیە. وەکو: NN (وەک windmill)، NV (وەک head-hout)، AN (وەک highlight). دەبێت ئەوەش بزانین کە هەندێک لەم بەشەنەخشانە بە بەرهەمترن لەوانی تر. (Booij: 2013) ئەگەرچی قاڵبەکانی NN، NV، و AN لە یەکترییەوە جیاوازن، بەڵام ئەوەی ئەو قاڵبە جیاوازانە کۆدەکاتەوە بریتییە لە نەخشەیەکی گەورەتر کە توانای کۆکردنەوە و یەکخستنی بەشەنەخشەکانی نەخشەکەی هەیە. هەر بۆیەشە نەخشە تا گشتی تر بێت پلەی ئەبستراکتبوونی زیاتر دەبێت و تەنانەت لێکدانەوە واتاییەکەشی بە شێوەیەکی گشتگیر و وا فراوان دەبێت کە دەبێت لە توانایدا بێت گشت بەشەنەخشەکانی نەخشەکە لەخۆبگرێت.

### ٣- پرۆسەی یەکهەنگاوی

دوای ئەوەی لە مۆرفۆلۆجیدا ئەوە سەلمێنرا کە دەشێت زیاتر لە دوو مۆرفیم بەشداری لە پێکهاتەی وشەیەکدا بکەن، پرسێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئایا دەشێت وشەیەکی ناسادە جارێکی تر بەپێی هەمان ئەو پرۆسەیەی کە پێی دروستبووە یا بە هەر پرۆسەیەکی تری جیاوازدا تێپەڕێت و وشەیەکی تر دروستبکات؟ بە واتایەکی تر، وشە سادەکان دەتوانن جارێکی تر ببنە تێکردە بۆ وشەیەکی تر و کەرەستەی تری زمانی وەربگرن بۆ ڕۆنانی وشەیەکی ئاڵۆزتر؟ بۆ گەیشتن بە وەڵام ئەو پرسە نموونەیەک دەخەینەڕوو؛ لە نموونەی (سەرپەرشتیاری)دا دەردەکەوێت کە وشەکە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوەکییە لەو کەرەستانەی خوارەوە پێکهاتووە (سەر + پەرشت + یار + ی) ئەو کەرەستانە هەریەکەیان مەبەستێک و ڕۆنانێکی تری بە پێکهاتەکە داوە و پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بووەتە تێکردە و لەگەڵ کەرەستەیتردا پێکهاتەی ئاڵۆزتریان بەرهەمهێناوە.

پرسێکی تر کە دوای ئەمانە دێتە پێشەوە و پەیوەستە بە ڕۆنانی ناوەوەی وشە ئاڵۆزەکانەوە ئەویش ئەوەیە کە کاتێک سێ کەرەستەی زمانی یان زیاتر دەچنە پاڵ یەکتری، هەموویان بەسەریەکەوە و بە یەک هەنگاو دەچنە پاڵ یەکتری و وشەیەکی ئاڵۆز دروستدەکەن یان سەرەتا دوو کەرەستە دەچنە پاڵ یەکتری وشەیەکی ئاڵۆز دروستدەکەن، پاشان کەرەستەیەکی تر دەچێتە سەر وشە ئاڵۆزەکە و بەیەکەوە وشەیەکی تر دروستدەکەن؟ ئەم پرسە ئاستەنگی زۆری دەخستە بەردەم تیۆرەکانی مۆرفۆلۆجی، وەک ئەوەی پلاگ[٣٧] ئاماژەی بۆ دەکات؛ کە ئەمانە چۆن داڕێژراون و پێکهاتەی ناوەوەیان چۆنە. (Plag, 2003: 50) بە شێوەیەکی گشتی کاتێک سێ کەرەستە لە زمانی کوردیدا دەکەونە پاڵ

یەکتری ئەوا بە یەکێک لەم سێ هەنگاوەی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی تێدەپەڕێت:

یەکەم: ئەو پێکهاتانەی کە کەرەستەکانیان لە کاتی جیاوز و بۆ مەبەستی جیاواز دەکەونە پاڵ یەکتری، واتە کەرەستەکان یەک بە دوای یەک و هەر جارە و پێکهاتەیەکی نوێ لە زمانەکەدا دروست دەکات. لەم جۆرەیاندا مەرج نییە هاتنی کەرەستەی دووەم کەرەستەی سێیەم بکاتە کەرەستەیەکی خورتەکی، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کاتێک کەرەستەی سێیەم دەچێتە سەر پێکهاتەکە پێکهاتەیەکی نوێ و جیاواز لە پێکهاتەی پێش خۆی دێنێتە ئاراوە، بۆیە ئەم کەرەستانە لە ڕووی هاتن و بەکارهێنانەوە دەبنە خاوەنی دوو دەروازەی جیاوازی بەکارهێنان و هەریەکەیان بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێن. وەک: (ناخۆشی) کە سەرەتا کەرەستەکانی (نا_) و (خۆش) وشەی (ناخۆش)یان دواتر پاشگری (_ی) چۆتە سەر پێکهاتەی (ناخۆش) و (ناخۆشی) دروستکردووە.


دووەم: ئەو وشانەی کە پێکهاتەکەیان لە زمانەکەدا ڕێگەپێدراوە و خاوەنی فۆڕمێکی ڕێزمانین و لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمانەکە یەکدەگرنەوە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی هەنگاو بە هەنگاوی، بەڵام پێکهاتەی ناوەندیی ئەم وشانە ئەگەرچی لە ڕووی فۆڕمەوە ڕێگەپێدراوە، بەڵام ئەم پێکهاتانە لە بەکارهێنانی زمانەکەدا سوودیان لێ وەرنەگیراوە، ئەمەش یان بەهۆی ئەوەی چەمکەکانیان لە زمانەکەدا لە ئێستادا بەرانبەر بیرێکی دیاریکراو بەکارناهێنرێت یان لە بەرانبەر ئەو چەمکانە وشەی تر لە زمانەکەدا بۆ هەمان مەبەست داهێنراوە یان وەرگیراوە. بۆ نموونە، وشەی (شارەوانی) ئەگەرچی وشەی (شارەوان) بە لەبەرچاوگرتنی وشەکانی وەکو (زمانەوان)، (مەلەوان) و (شاخەوان) ... لە بەرانبەر وشەکانی (زمانەوانی)، (مەلەوانی) و (شاخەوانی)، دەشێت بۆ کەسێک بەکاربهێنرێت کە لەم بوارەدا کاردەکات، بەڵام لە زمانی کوردیدا لە بری

ئەم وشەیە سوود لە وشەی تر وەرگیراوە. وەکو (سەرۆکی شارەوانی)، بەمەش وشەی (شارەوان) ئەگەرچی لە ڕووی فۆڕم و پرۆسەی دروستبوونەوە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بۆ مەبەستی (کەسێک کە ئەرکی شار یان بەڕێوەبردنی شار/ ناوچەکەی هەبێت) بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەم وشە ناوەندییەی نێوان وشەکانی (شار) و (شارەوانی) لە زمانی کوردیدا سوودی لێوەرنەگیراوە[٣٨] و بەکارناهێنرێت.

سێیەم: ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە دوو کەرەستە زیاتر لە پێکهاتەکانیاندا بەشدارن. ئەم کەرەستانەش بەیەکەوە و لە یەک کاتدا چوونەتە پاڵ یەکتری. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ ئەم جۆرە پێکهاتەیە زاراوەی یەکهەنگاوی بەکارهێنراوە لە بەرانبەی وشەی ئینگلیزی (Parasynthetic) و وشەی فارسی (ناپایگانی)[٣٩].


مەبەست لە پێکهاتەی یەکهەنگاوی ئەوەیە کە دوو کەرەستە یان زیاتر لەگەڵ ڕەگێک پێکهاتەیەکیان دروستکردووە و ئاخێوەری زمان بە ئامادەکراوی دەستی پێیان دەگات. (شقاقی، ١٣٩٧: ٨٦) ئەم جۆرە پێکهاتەیە بە جۆرێک لە زماندا سازکراون کە ناتوانرێ هەنگاوەکانی دروستبوونی پێکهاتەکە بەوە شیبکرێتەوە کە کەرەستەکانی وشەکە پەیوەندییەکی جیاوازیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، واتە پەیوەندیی نێوان کەرەستەی یەکەم لەگەڵ کەرەستەی دووەم لە پەیوەندییەکدا بن و کەرەستەی سێیەم لەگەڵ هەردوو کەرەستەکەی تر یان لەگەڵ یەکێک لە کەرەستەکاندا پەیوەندییەکی جیاوازی هەبێت، بەڵکو گشت کەرەستەکان بەیەکەوە و لەناو یەک بازنەدا لە یەک تۆڕی پەیوەندیدا دەبن، چونکە گشت کەرەستەکان بەیەکەوە و لە یەک کاتدا ئەو پەیوەندییەیان دروستکردووە نەک بە جیا. واتە لە پێکهاتە یەکهەنگاوییەکاندا پەیوەندییەکی یەکسان لە نێوان کەرەستەکاندا هەیە و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کەرەستەی یەکەم و دووەمدا هەیە هەمان ئەو پەیوەندییە لە نێوان

کەرەستەی دووەم و سێیەمدا هەیە. لەم هێلکارییەی خوارە جیاوازیی پێکهاتە یەکهەنگاوی و هەنگاوبەهەنگاو دەخەینەڕوو




هێلکاریی ژمارە (٤) هەنگاوەکانی پرۆسەی وشەڕۆنان

لە باری یەکەمدا A و B بەیەکەوە پێکهاتەیەک دروستدەکەن و دواتر پێکهاتەکە لەگەڵ کەرەستەی C پێکهاتەیەکی تر دروستدەکەن. بۆ نموونە





واتە سەرەتا (سەر) و (بەرز) چوونەتە پاڵ یەکتری و پێکهاتەی (سەربەرز) ڕۆنراوە، پاشان (سەربەرز) لەگەڵ (ـی) پێکهاتەی (سەربەرزی)یان ڕۆناوە.

لە باری دووەمدا سەرەتا B و C پێکهاتەیەک ڕۆدەنێن و پاشان A دەچێتە سەر ڕۆنانەکە و پێکهاتەیەکی تر بەرهەمدەهێنن. وەک




سەرەتا (خۆش) و (ـی) چوونەتە پاڵ یەکتری و پێکهاتەی (خۆشی) ڕۆنراوە، پاشان (خۆشی) لەگەڵ (بەـ) پێکهاتەی (بەخۆشی)یان ڕۆناوە.

باری سێیەم، هەرسێ کەرەستەکانی A، B و C بەیەکەوە و بە یەک جاری چوونەتەپاڵ یەکتری و ناتوانرێ ئەوە دەستنیشانبکرێ کە کامە کەرەستە پێش کامە چۆتە ناو پێکهاتەکەوە، بەڵکو هەرێ کەرەستەکە بە یەکجار ثێکهاتەکەیان ڕۆناوە. بە واتایەکی تر، لێرەدا دوو کەرەستە جا چ A لەگەڵ B یان B لەگەڵ C ناتاونن بە تەنیا ڕۆنانێک لە زمانەکەدا دروستبکەن، بەڵکو هەرسێک کەرەستەکە بەیەکەوە ڕۆنانەکە دروست دەکەن. وەک:




لە نموونەکەدا هەرسێ کەرەستەکە واتە (دەست)، (بە) و (سەر) بەیەکەوە پێکهاتەیەکیان دروستکردووە.

ئەگەرچی کەرەستەکانی ناو وشەیەک کە بە پرۆسەی یەکهەنگاوی دروستبووە بە یەک جار و بەیەکەوە بەشدارییان لە ڕۆنانی پێکهاتەکەدا کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاسانی دەتوانرێ کەرەستەکانی پێکهاتەکە دەستنیشانبکرێن، واتە ئەو کەرەستانەی لە پێکهاتەیەکی یەکهەنگاویدا بەشدارن دابەشکردن و جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسانە، بەهۆی ئەوەی؛

یان بە لەجێدانانی کەرەستەیەک دەسەلمێنرێ ئەو کەرەستەیە لە چەند پێکهاتە پێکهاتووە یان بەهۆی دووبارەبوونەوەی کەرەستەکان لە شوێنی تر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنرێ کە وشەکە خاوەنی پێکهاتەیەکی ناوەکییە.

ئەم پێکهاتەیە بەوە لە پێکهاتەکانی تر جیادەبێتەوە کە ژمارەی کەرتە پێکهێنەرەکانی لە دوو کەرەستە زیاترن، جیاوازیی سەرەکیش لە نێوان پێکهاتەی یەکهەنگاوی و پێکهاتەی هەنگاو بە هەنگاو لەوەدایە؛ کە لەو کەرەستانەی پێکهاتەی دروستبوونیان هەنگاو بە هەنگاوە ئەگەرچی هاوشێوەی وشە یەکهەنگاوییەکان دوو کەرەستە زیاتر لە پێکهاتەکانیاندا بەشداری دەکەن، بەڵام جیاوازییەکە لە چۆنیەتیی هاتنی کەرەستەکاندایە کە لە پێکهاتە هەنگاو بە هەنگاوەکاندا کەرەستەکان بە جیا و لە کاتی جیاوازدا خراونەتە تەک یەکتری و هەر هەنگاوێکیش کە ڕوودەدات پێکهاتەیەکی نوێ لە زمانەکەدا دێنێتە ئاراوە، کە وشەکە لە ڕووی واتا و فۆرمەوە تەواو سەربەخۆیە، کەچی لە پێکهاتە یەکهەنگاوییەکاندا "کەرەستەکان بە یەکەوە و لە یەک کاتدا[٤٠] چوونەتە ناو پێکهاتەیەک و بەیەکەوە یەک وشەی نوێ لە زماندا دروستدەکەن". (Plag, 2003: 54) وشەکە دەبێتە خاونی یاسا و پێڕەوی خۆی لە زمانەکەدا.

جیاوازیی پێکهاتە یەکهەنگاوی و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پرۆسەکانی وشەڕۆنان لەوەدایە کە پرۆسەکانی وشەڕۆنان وەکو داڕشتن و لێکدان و دووبارەبوونەوە پەیوەستن بە جۆری پێکهێنەرەکان/ کەرەستەکانی پێکهاتەکانەوە، هەرچی ئەم دوو پرۆسەیەیە پەیوەستن بە چۆنیەتیی چوونە پاڵ یەکی کەرەستەکانەوە نەک خودی کەرەستەکان و جۆری کەرەستەکان. بە واتایەکی تر، ئەگەر پرۆسەکانی وسەڕۆنان وەکو داڕشتن و لێکدان و دووبارەبوونەوە پەیوەندییان بە کەرەستەکانی ناو پێکهاتەکانەوە هەبێت، ئەوا پرۆسەکانی یەکهەنگاوی و هەنگاو بە هەنگاو چۆنیەتیی چوونە پاڵ یەکتری کەرەستەکانی ناو پرۆسەکانی داڕشتن و

لێکدان و دووبارەبوونەوەوە هەیە. کەواتە ئێمە کاتێک باس لە پرۆسەی یەکهەنگاوی دەکەین ئەوا ناتوانین ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە پرۆسەکانی داڕشتن و لێکدان و تەنانەت دووبارەبوونەوەش باس بکەین، بەڵکو ئەم پرۆسەیە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی ئەم پرۆسانە یان تێکەڵکردنی ئەم پرۆسانە دروستدەبێت، کە ئەم پرۆسانە لە یەک کاتدا دووبارەدەبنەوە یان تێکەڵدەبن. لێرەدا هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی ئەم پرۆسانە باس لە چۆنیەتیی دروستبوون و داڕشتنی پرۆسەی یەکهەنگاوی بکەین.

## ٤-١ پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکان لە زمانی کوردیدا

ژمارە ڕۆڵێکی گرنگی لە داڕشتنی وشەی نوێدا هەیە و بەشداری لە داڕشتنی وشەی نوێدەکات. (رسول، ٢٠١٢: ٧٩) پێکهاتە یەکهەنگاوییەکانیش لەو ڕۆڵەی ژمارە بێبەش نین و ژمارە وەکو کەرەستەیەکی چالاک لە چەند فۆڕمێکی پێکهاتە یەکهەنگاوییەکاندا بەشداریدەکات، واتە ژمارە وەکو کەرەستەیەکی زمانی ڕۆڵی لە داڕشتنی چەند فۆڕمێکی جیاوازی وشە یەکهەنگاوییەکان هەیە و بەهۆیەوە وشەی نوێ لە زمانەکەدا داڕێژراوە.

بە گشتی ژمارە بۆ هەژمارکردنی شتەکانی دەوروبەر بەکاردێت جا ژمێردراوەکان کەرەستەی مادی بن وەکو پارە، یان شتی مەعنەوی وەکو کات. هەر بۆیەشە کاتێک ژمارە بەشداری لە داڕشتنی وشەی نوێ دەکات زیاتر بۆ مەبەستی ژماردن و هەژمارکردنی شتێک بەکاردێت جا سەرەی وشەکە لەناو پێکهاتەکە بێت یان لە دەرەوەی پێکهاتەکە.

لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو پێکهاتە یەکهەنگاوییانە شیبکەینەوە کە ژمارە لە پێکهاتەکانیاندا بەشدارە.

یەکێک لەو پێکهاتە باوانەی زمانی کوردی کە ناوی شوێنی پێ دروستدەکرێت، بەکارهێنانی (ژمارە و ناوە لەگەڵ پاشگر)، وەک؛ (سێتاقان، سێبەردان، دووشێوان، چوارڕێیان، دووگرتکان).

ئەگەرچی ئەو وشانە لە ئێستادا بۆ ناوی شوێنێکی دیاریکراو بەکاردێن، واتە بوون بە ناوی تایبەت و بۆ شوێنێکی جوگرافیی دیاریکراو بەکاردێن، بەڵام شێوازی دروستبوونی ئەو وشانە بۆ بوونی پەیوەندییەک دەگەڕێتەوە کە لە نێوان ژمارەکە و ئەو ناوەدا هەیە کە لەناو پێکهاتەی وشەکەدا ئاماژەی بۆکراوە. بە واتایەکی تر، بوونی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو لە شوێنێکدا (سروشتی یان دروستکراو) و بوونی ژمارەیەکی دیاریکراو لە تایبەتمەندییەکە وایکردووە کە شوێنەکە بە ناوی ژمارەی تایبەتمەندییەکانی شوێنەکە ناوبنرێت.

ئەوەی کە لەم جۆرە ناونانەدا جێگای تێڕامانە، ئەوەیە کە بوونی تایبەتماندییە سروشتی یان دروستکراوەکە بە تەنیا بەس نییە بۆ ناونانی ئەو شوێنە چونکە دەشێت ئەو شتە لە شوێنێکی تریشدا هەبێت، بەڵام ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی ئەو فۆڕمە بریتییە لە ژمارەی تایبەتمەندییەک لە شوێنێکی دیاریکراودا. ئەم ناونانەش دەشێ ناوی تایبەتی وەک؛ (سێتاوان، دووشێوان) یان ناوی گشتی وەک؛ (سێڕییان) دروستبکات، کە دەشێت ئەمە لەم نەخشەیەدا هەم پێکهاتە فۆڕمییەکەی هەم لایەنە واتاییەکەی نیشانبدرێت:

<[[x]$_{NUM}$ [y]$_{Ni}$ an]$_{Nj}$ ↔ [ناوی شوێنێک کە ژمارەی Y ەکانی هەبێت]$_{j}$ >

پێکهاتەیەکی تری یەکهەنگاوی کە ژمارە تیایدا بەشدارە، لەم نەخشەیەی خوارەوە ڕوونکاوەتەوە:

$<[[x]_{NUM}\ [y]_{Ni}\ i\ ]_{Aj} \leftrightarrow$ [تایبەتمەندیی شتێک کە Y تا X بێت]$_j >$

وەک: (شەشمانگی، دووساڵی، سێمانگی، یەکشەوی، دووبەرگی، سەدپەڕی، سێنهۆمی...) ئەم پێکهاتەیە لە ژمارەیەک لەگەڵ ناوێک و پاشگری (ـی) دروستبووە، فۆڕمە بەرهەمهاتووەکە ئاماژە بۆ شتێک دەکات کە لە دەرەوەی پێکهاتەکەدایە. بە واتایەکی تر، پێکهاتەکە بۆ وەسفکردنی شتێکی ترە. وەک (برنجی شەشمانگی، دەفتەری دووبەگی، خانووی سێنهۆمی) هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو پێکهاتەیە وەکو ئاوەڵناو مامەڵەدەکات. لەسەر هەمان فۆڕم وشەی تر لە زمانی کوردیدا دروستکراون، بەڵام ئەو وشانە بەوە جیادەکرێنەوە کە لە ڕووی فۆڕمەوە کاتیگۆری ناو دروستدەکەن و لە ڕووی واتاشەوە واتاکەی جیاوازە، ئەو جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وشە بەرهەمهاتووەکان خاوەنی کاتیگۆریی جیاوازن. وەک (یەکپارچەیی، دوودانی، دووزمانی، یەکئاڕاستەیی، یەکدەستی...). وەک لەم نەخشەیە نیشاندراوە:

$<[[x]_{NUM}$ [ژمارەیەک کە تایبەتمەندی/ سیفەتی Y دیاریبکات]$_j >$
$[y]_{Ni}\ i\ ]_{Nj} \leftrightarrow$

ئەم پێکهاتەیە لە زمانی کوردیدا بۆتە هۆی دروستبوونی وشەی تری وەک (تاکژنی، فرەژنی، تاکزمانی، فرەزمانی) لەم نموونانەدا ئەگەرچی ژمارە لە پێکهاتەکەدا نییە و وشەکانی (تاک و فرە) لە کاتیگۆریی ژمارە نین، بەڵام چۆنیەتیی داڕشتن و دروستکردنی وشەکان لەسەر هەمان نەخشەی ژمارەکان داڕێژراون و پێکهێنراون.

لەو نموونانەی سەرەوەدا ئەرکی سەرەکیی ژمارە هەژمارکردنی شتێکە لە خاڵی دەستپێکەوە تا دەگاتە ژمارەکە. واتە کاتێک دەوترێت (شەشمانگی) واتە هەژمارکردن لە مانگی یەکەمەوە تا دەگاتە مانگی شەشەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار کاتێک ژمارە دەچێتە ناو

پێکهاتەیەک مەرج نییە ژمارەکە لەسەر بنەمای ژماردنی ژمارەکانی پێش خۆی یان دوای خۆی داڕێژرابێت، بەڵکو ئەو ژمارەیە تا ڕادەیەک تایبەتە بەو شتە و وەسفی شتەکە دەکات کە لەو بارەدا خاوەنی ئەو ژمارەیە بێت، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەکە پێشتر بە چەند هەنگاودا تێپەڕیوە، بەمەش ژمارەی شتە ژمێردراوەکە بۆتە وەسفێکی شتەکە و بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئەو شتە لەو بارە بەکاردێت نەک بەراوردکردنی لەگەڵ ژمارەکانی پێش خۆی. وەک؛ (یەکماڵە، دووبارە، سێبارە، دوولایەنە، یەکسەرە، دووسەرە، سێدارە، پێنجفەرزە...).

$<$ [تایبەتمەندیی Y کە یەکسان بێت بەو ژمارەیەی لە X دا هاتووە]$_j$

$<[[x]_{NUM}\ [y]_{Ni}\ e\ ]_{Nj} \leftrightarrow$

ئەو نەخشەیە ئەوە دەردەخات کە ئەو ناوەی لە گۆڕاوی Y دا هاتووە، خاوەنی وەسفێکی ژمارەییە، کە لە گۆڕاوی X دا هاتووە. بەڵام پەیوەندیی گۆڕاوەکانی X و Y لەسەر بنەمای بەراوردکردنی ژمارەکان دانەمەزراوە، بەڵکو ئەو پەیوەندییە بۆتە وەسفێک بۆ ناوەکە بێ گەڕانەوە بۆ هەژمارکردنی ژمارەکانی پێشتر. بە واتایەکی تر، کاتێک دەوترێت (دوولایەنە) مەرج نییە وشەکە لەسەر وشەی (یەکلایەنە) دروستبووبێت، وەک چۆن ئەو پەیوەندییەی لە نێوان وشەکانی (یەکبەرگی و دووبەرگی)دا هەیە هەمان پەیوەندی لە نێوان (یەکلایەنە و دوولایەنە)دا نییە، چونکە ئەم دوو وشانە لەسەر بنەمای ڕیزبوون و پلەبەندی دروستنەبوون، بەڵکو هەریەکەیان بۆ مەبەستێک لە زمانەکەدا دروستبوونە.

پێکهاتەیەکی تر کە ژمارە تیایدا بەشدارە لە دروستکردنی فۆڕمەکەی لەم نموونە و نەخشەیەی خوارەوە نیشاندراوە:

پێنجخشتەکی، چوارخشتەکی، دووپشتەکی، سێجرتەکی...

< [شتێک کە Y هێندەی ژمارەی X بێت]$_{j}$ [[x]$_{NUM}$ [y]$_{Ni}$ eki ]$_{Aj}$]>
↔

لەم نموونانەدا ئەگەرچی ژمارەکان ئاماژەن بۆ هەژمارکردنی ناوە ژمێردراوەکە (خشتە) بەڵام ئەم پێکهاتەیە بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ژمارەدا دەکات کە تیایدا ژمارە وەک یەکەیەکی دوور لە بەراوردی ژمارەکانی پێش خۆی یان دوای خۆی مامەڵەدەکات، نەک ئەوەی ژمارەکە ئاماژەبێت بۆ ژماردنی ناوە ژمێردراوەکە تا دەگاتە ژمارەکە. بەمەش مەرج نییە کە (چوارخشتەکی) هەبێت، دەبێت (دووخشتەکی) یان (سێخشتەکی)ش هەبێت، بەڵکو ژمارەکە و ناوەکە بوونەتە قاڵبێکی ئامادەکراو لە زمانەکەدا کە بەیەکەوە و بە یارمەتیی پاشگری (ـەکی) وەسفی شتێک دەکەن کە لە دەرەوەی پێکهاتەکەیە.

لەسەر هەمان پێکهاتە وشەی تر لە زمانەکەدا بەرچاودەکەوت، کە سەرەی وشەکە لەناو پێکهاتەکەدایە واتە وشەکە چەقناوەکییە و ژمارەکە باری ناوێک دیاریدەکات کە ناوەکە لەناو پێکهاتەکەدایە. وەک (دووبەرەکی، یەکجارەکی...) وەک لەم نەخشەیەدا دیاریکراوە:

< [Y کە خاوەنی ئەو ژمارەیە بێت کە لە X دا هاتووە]$_{j}$ [[x]$_{NUM}$ [y]$_{Ni}$ eki ]$_{Nj}$]> ↔


## ٥- ئەنجام

١. مۆرفۆلۆجیی پێکهێنان ڕوانگەیەکی گونجاوە بۆ شیکردنەوەی پێکهاتە یەکهەنگاوییەکان، بۆیە شیکردنەوەی پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکانی زمانی کوردیش توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەیان لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا هەیە و لە نموونەکانی ئەم توێژینەوەیەش بەو ئەنجامە گەیشتن کە دەتوانرێت ئەم جۆرە پێکهاتانەی زمانی کوردی هەم لە لایەنی فۆڕم هەم لە لایەنی واتاوە شیبکرێنەوە.

٢. لە ڕووی واتاوە توانراوە واتای ئەو پێکهاتانە لە چوارچێوەی نەخشەکانیانەوە شیبکرێنەوە و لێکدانەوە واتاییەکانیان دەستنیشانبکرێت.

٣. لە ڕووی فۆڕمەوە، سەرەڕای دەستنیشانکردنی فۆڕمی پێکهاتەکان، لەو شەش نەخشانەی کە دەستنیشانکراون؛ دەرهاوێشتەی چوار لە نەخشەکان بەشەئاخاوتنی ناو بووە و دەرهاوێشتەی دووانیان بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناو بووە.

٤. لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا توانرا نەخشەیەکی گشتی دەستنیشانبکرێت و گشت ئەو نەخشانە لەخۆبگرێت کە ژمارە تیایاندا بەشدارە و پێکهاتەکانی خوارتر وەکو بەشەنەخشەی نەخشە گشتییەکە نیشاندراون.




دایگرامی ژمارە (١) نەخشە و بەشەنەخشەکانی پێکهاتە
یەکهەنگاوییەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا

**پەراوێزەکان**

Masini & Iacobini ١

Pattern ٢

Ferdinand De Sosure ٣

Sign ٤

Construction – based approach 5

6 ئەمە بۆ گشت تیۆرەکانی مۆرفۆلۆجی گونجاوە، چونکە تیۆرەکان کار لەسەر پێکهاتە ناسادەکانی زمان دەکەن نەک کەرەستە سادەکان.

Style 7

Geert Booij 8

Construction Morphology 9

Leonard Bloomfield 10

Morphologycal Pattern11

Schema 12

Abstract 13

Hierarchycal 14

Constructional Schema 15

Defaul Inheritance 16

Construction based theory of Morphology 17

Hierarchy 18

Flickinger 19

Krieger and Nerboone 20

Klibury 21

Sag 22

Inheritance 23

Base word 24

Unit-like 25

Slot 26

Usage-based 27

Morphologycal schema 28

Constructional schema 29

Instantiation 30

Constect 31

Power 32

Coining 33

Productive 34

Less productive 35

Unproductive 36

Ingo Plag 37

٣٨ تێبینی دەکرێت بەشێکی وشەکانی زمانی کوردی کە دروستبوونە بە قۆناغی ناوەندیدا تێنەپەڕیبێتن و ڕاستەوخۆ دوو پرۆسەی داڕشتن بەسەر یەکەوە بەسەر وشەکەدا هاتبێتن، سەیری وشەکانی (ڕستەسازی، وشەسازی...) بکە. شایەنی باسە ئەوەی لە بەشێک لەو پرۆسانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هەندێک لەو وشانەی بەو قۆناغەدا تێپەڕیون دواتر و بەهۆی بەکارهێنان و دووبارە سوودوەرگرتنەوەوە ئەم وشانە جارێکی تر و بە لادانی یەکێک لە پرۆسەکانی داڕشتن بە تایبەتی پرۆسەی کۆتایی وشەیەکی نوێ لە زمانەکەدا دروست بووە. سەیری وشەی (بیرکار) بکە لە بەرانبەر وشەی (بیرکاری).

٣٩ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم پرۆسانە بڕوانە: (Plag: 2003: 50 – 54)

٤٠ Simultaneous

## سەرچاوەکان

- ایمان، آوا، رفیعی، عادل و عموزاده، محمد (١٣٩٧)، تحلیلی ساخت‌محور از ترکیبات نام‌اندام ((دل)) در زبان فارسی، پژوهش‌های زبانی، سال ٩، ش ٢، صص٢٣ – ٤٤.

- بامشادی، پارسا و انصاریان، شادی (١٣٩٤). "تبیین ساختارهای ناپایگانی زبان فارسی در چارچوب نظریه ساختواژه ساخت‌محور"، مجموعه مقالات سومین کنفرانس بین‌المللی پژوهش‌های کاربردی در مطالعات زبان، دانشگاه تهران، تهران.

- بامشادی، پارسا و انصاریان، شادی (١٣٩٥) رویکرد ساخت‌بنیاد به صرف و کاربرد آن در آموزش واژه‌های مشتق و مرکب فارسی برای فارسی آموزان، مجموعه مقالات نخستین همایش واکاوی منابع آموزش زبان فارسی به غیر فارسی زبانان، جلد ٢، نشر خاموش، تهران، صص ٩٩٩ - ١٠٢٠.

- بامشادی، پارسا و انصاریان، شادی (١٣٩٩)، نقش طرح‌واره‌های مرتبه دوم در تحلیل ساختارهای [اسم+شناسی/نگاری/کاوی] و صفت‌های متناظر آن‌ها در زبان فارسی، جستارهای زبانی، دوره ١١، شماره ١، پیاپی ٥٥، صص ٣٠١–٣٢٨.

- بامشادی، پارسا و قطره، فریبا (١٣٩٦)، چندمعنایی پسوند ((–ی)) فارسی: کندوکاوی در چهارچوب ساختواژه ساختی، جستارهای زبانی، دوره ٨، شماره ٧، پیاپی ٤٢، صص٢٦٥ – ٢٨٩.

- بامشادی، پارسا و همکاران، (١٣٩٧)، چندمعنایی پسوند ((–انه)) در فارسی: رویکرد ساختواژه ساختی، فصلنامه مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران، سال ششم، شماره ٢٢.

- بهرامی‌خورشید، سحر و نامداری، اسما (۱۳۹۸)، بررسی افعال پیشوندی در زبان فارسی از منظر صرف ساخت، فصلنامه مطالعات زبان‌ها و گویش‌های غرب ایران، سال هفتم، شماره ۲۵، صص ۳۵ – ۵۵.

- رفیعی، عادل (۱۳۹۱)، مفهوم عامل در واژه‌های مشتق زبان فارسی، مجله پژوهش‌های زبان‌شناسی، سال چهارم، شماره ۲.

- رفیعی، عادل و ترابی، سارا (۱۳۹۳)، وراثت و انگیختگی رابطه صورت و معنی در واژگان: نمونه‌هایی از واژه‌سازی زبان فارسی، علم زبان، سال ۲، شماره ۳.

- رفیعی، عادل و رضایی، حدائق (۱۳۹۸). "ساخت اسامی مشتق از پیسوند ((-گر)) از منظر صرف ساختی"، جستارهای زبانی دوره ۱۰، شماره ۳ (پیاپی ۵۱)، صص ۷۱ – ۹٤.

- شقاقی، ویدا (۱۳۹۷)، مبانی صرف، چاپ دهم، سمت، تهران.

- عباسی، زهرا (۱۳۹٦). "واژه‌های غیربسیط فارسی در صرف واژگانی و صرف ساختی" جستارهای زبانی، دوره ۸، شماره ۳ (پیاپی ۳۸)، صص ٦۷ - ۹۳.

- عظیم‌دخت، ذلیخا و رفیعی، عادل (۱۳۹۸)، واژه‌های مرکب مختوم به ستاک حال ((پز)) با مفهوم عامل‌محور از منظر صرف ساختی، نشریه پژوهش‌های زبان‌شناسی تطبیقی، سال نهم، شماره ۱۷.

- قادری، سلیمان و رفیعی، عادل (۱۳۹٦)، پدیده اجبار و رویکرد نظری دستور ساخت‌محور نسبت به آن، جستارهای زبانی، دوره ۸، شماره ۷، پیاپی ٤۲، صص ۱۸۳ – ۲۰۸.

- کەرەمی، سەعید (١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، زانستگای کوردستان، سنە.

- Booij, G. (2005a), The Grammar of Words, Oxford: Oxford University Press.

- ------- (2005b), Compounding and Derivation: evidence for construction morphology, In: Dressler, W. U., D. Kastovsky, O. E. Preiffer & F. Rainer (eds.), Morphology and its demarcations, Amsterdam/Philadelphia: John Benjamins, 109-32.

- --------. (2007), Construction Morphology and the Lexicon, In Montermini, F., G. Boye & N. Hathout (eds.) Selected Proceedings of the 5th Decembrettes: Morphology in Toulouse, Somerville: Cascadilla Press, 34-44.

- ---------. (2010a), "Construction Morphology", Oxford: Oxford University Press.

- --------- (2010b), "Construction Morphology", Language and Linguistics, 3(1).

- --------. (2013), Morphology in Construction Grammar, In Thomas Hoffmann & Greame Trousdale (eds.), The Oxford Handbook of Construction Grammar, Oxford: Oxford University Press.

- --------- (2015), "Construction Morphology", In A. Hippisley and G. T. Stump (eds), The Cambridge Handbook of Morphology (chapter 17), Cambridge University Press, Cambridge.

- Goldberg, A. E. (1995), Construction: A Construction Grammar Approach to Argument Structure, The University of Chicago Press.

- Masini. F & Iacobini. C. (2018), Schemas and Discontinuity in Italian:The View from Construction Morphology. in G. Booij (ed.), The Construction of Words: Advances in Construction Morphology (PP. 81 – 109) Cham: Springer.

- Plag. I (2002), Word-formation in English, Cambridge University Press, Series "Cambridge Textbooks in linguistics".

- سەرچاوەی نموونەکان

- حاجی مارف، ئەورەحمان (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم/ وشەسازی، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵکار، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- رسول، بابا ڕەسوول نوری (٢٠١٢)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- عباس، لیلی جلیل (٢٠١٢)، ئەو وشانەی لە ژمارەوە وەردەگیرێن، مجلة كلية اللغات، زانكۆی بەغدا، ژمارە ٢٤، زانكۆی بەغداد، لل ١٥٠ – ١٥٩.

- عباس، لیلی جلیل (٢٠١٣)، پێکهاتەی وشە لە زمانی کوردیدا بە پێی تیۆری (مۆرفیم) ژمارەوشە و تێکچڕژاوەوشە وەک نموونە، مجلة كلية اللغات، زانكۆی بەغدا، ژمارە ٢٦، زانكۆی بەغداد، لل ١٥٠ – ١٥٩.

**ملخص البحث**

هذا البحث محاولة لدراسة وتحليل المكونات ذات الخطوات الواحدة في اللغة الكردية، والتي أحد محتوياته عددي، وفي هذه الدراسة وعن طريق الخرائط استطعنا تحديد الأشكال للمكونات المرقمة الواحدة ذات معنى واحد ضمن مورفولوجيا التكوين، والقصد من المكونات ذات الخطوات الواحدة المرقمة هي التي تنطوي على أعداد يشارك في تكوينها أكثر من مكون والأعداد واحد منها، وهذه النظرية تعتمد على موديل (نموذج) مورفولوجي الكلمة- البناء، والذي فيه الكلمة أصغر مكون للدراسة، أما الكلمات المركبة فعبارة عن المكون الذي يفسر فيه ذو الوجهين الشكل والمعنى عن طريق الخرائط وأجزاء الخرائط، وللمكونات ذات الخطوات الواحدة المرقمة دور رئيسي في إغناء معاجم اللغة، وفيما يتعلق باللغة الكردية تظهر أهمية تلك المكونات في إغناء و تكوين كلمات جديدة.

هذه الدراسة استطاعت أن تصل إلى خريطة عامة لجميع المكونات ذات الخطوات الواحدة المرقمة لغويا، وفي ختام البحث نجد أن الخرائط المتعددة تتم جمعها ضمن نطاق خريطة واحدة.

الكلمات الإفتتاحية: مورفولوجيا التكوين، الخريطة، أجزاء الخريطة، العدد، المكونات ذات الخطوات الواحدة.

**Abstract**

This research tries to investigate and elucidate construction of parasynthetics in Kurdish language and one of the construction is about number categories. This research demonstrates meaning construction as well as those forms that include numbers in morphology by using schemas. Parasynthetic constructions that includes numbers are all about those constructions that contain more than two elements and number is one of them.

This opinion relies on word-based morphology, and the word is the smallest element to analyse. Bound words construct of form and meaning by analysis schema and sub-schemas .

Parasynthetic constructions that includes numbers have its own important role to enhance language dictionary, also in Kurdish language those constructions are used to coin words .

This research has reached to a general schema to all parasynthetic constructions that contain numbers in Kurdish language and at the last part of this research, all different schemas have gathered into a single schema .

**Key words**: Morphology construction, Schema, Sub-schema, Number, Parasynthetic